Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.2

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hassan Najmaden Muhammedamen
hassan.n.muhammed@su.edu.krd

RECEIVED :13 /11/2024
ACCEPTED :09/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# شێوازی جەختکردن، واتا و ئامانجی لە زمانی کوردیدا

**حسن نجم الدين محمدأمين /**بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**پەیمان عبدالكريم سعيد**/ مامۆستا/ وەزارەت پەروەردە/ دهۆک/ هەرێمی کوردستان/ عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
شێواز،
جەختکردن،
ئامراز،
دووپاتکردنەوە،
ئەرێنی

## پوختە

جەختکردن ئاماژەیە بۆ پشتڕاستکردنەوە و چەسپاندن، یان دووپاتکردنەوەی ڕاستی، کە زۆرجار بە واتای پێدانی بەڵگە، یان دڵنیابوونەوە بۆ ڕاستی و دروستی شتێک بەکاردێت و متمانە زیاتردەکات. ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی جەختکردنە لە زمانی کوردیدا، گرنگی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە تا ئێستا لە واتاکەی نەکۆڵراوەتەوە . ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە لەوانە : جەختکردن چییە و لە زمانی کوردیدا چۆن ئەنجام دەدرێت ؟ شێواز و جۆرەکانی چین؟ ئامانجەکانی لە بەکارهێنانی چیە؟ توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە، کەرستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەو ڕستە و گوتنانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شێوەزاری ناوەڕاست بەکاردێت . توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم باس لە جەختکردن و جۆر و شێوازەکانی دەکات و بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بە ئامانج و واتای جەختکردن لە زمانی کوردیدا . لە کۆتایدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ، واتای جەختکردن لە هەردوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکدا دەبینرێت، چونکە جەختکردن دوو جۆرە : ئاشکراکەی جەختکردنی وشەیە دەچێتە خانەی سیمانتیک و جەختکردنی شاراوەش دەچێتە خانەی پراگماتیک.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

**٠-١. ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە( شێوازی جەختکردن، واتا و ئامانجی لە زمانی کوردیدا )

**٠-٢. سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە باس لە بەکارهێنانی جەختکردن و شێوازەکانی لە زمانی کوردیدا دەکات و واتا و ئامانجی بەکارهێنانی لە چوارچێوەی شێوەزاری ناوەڕاست دەخاتەڕوو، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە و پراگماتیکە .

**٠-٣. ئامانجی پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

+ جەختکردن چییە و لە زمانی کوردیدا چۆن ئەنجام دەدرێت ؟

+ شێوازەکانی جەختکردن لە زمانی کوردیدا چۆنە و چەند شێوازی هەیە ؟

+ جەختکردن لە زمانی کوردیدا بە چ ئامانجێک بەکاردێت ؟ بۆ چ ئامانجێکیش بەکاردێت ؟

+ ئایا واتای جەختکردن واتایەکی سیمانتیکییە یان پراگماتیکی ؟

**٠-٤. ڕێبازی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە.

**٠-٥. کەرستەی لێکۆڵینەوەکە :**

کەرستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەو رستە و گوتنانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە شێوەزاری ناوەڕاست رۆژانە بەکاردێت بۆ جەختکردن .

**٠-٦. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی باس لە جەختکردن و جۆر و شێوازەکانی دەکات و ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت : شێوازی خەختکردن، تایبەتییەکانی جەختکردن، جۆرەکانی جەختکردن. بەشی دووەم تایبەتکراوە بە ئامانج و واتای جەختکردن لە زمانی کوردیدا، ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت : ئامانج لە جەختکردن، بوارەکانی بەکارهێنانی جەختکردن، واتای شێوازی جەختکردن، لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**یەکەم : جەختکردن جۆر و شێوازەکانی :**

**١-١. شێوازی جەختکردن :**

شێواز پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە ، یەکێک لەو پێناسانە پێناسەکەی (بالی)یە، کە بە دامەزرێنەرانی زانستی شێواز دادەنرێت دەڵێت : کۆمەڵە توخمێکی زمانە، کاریگەری سۆزدارییان لەسەر گوێگر یان خوێنەر هەیە.بەم پێیە زمان لە ڕوانگەی شێوازەوە کۆمەڵێک ئامرازی دەربڕینی هاوچەرخی بیرکردنەوەیە (صلاح فضل:١٩٨٥:٨٦) .

جەختکردن یەکێکە لە شێوازە ڕەوانبێژییەکانی جەختکردنە لەسەر بۆچوون و بیروڕا و بڕیاری دیاریکراو، بەم پێیە جەختکردن لە زماندا بۆ باشترکردنی باوەڕی و نیشاندانی ڕاستگۆییە، لەو کاتەی کە ڕووبەڕووی ئالەنگاری و گومان دەبینەوە. شێوازی جەختکردن لە زماندا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە وەک :

+ واتایەکی پاڵپشت و بەهێزی و سەقامگیری لە دەربڕیندا دێنێتە ئاراوە (داود الرفاعي:١٩٧٥:٢) .

+ جەختکردنەوە: شێوازێکی زمانەوانییە کە بۆ لابردنی گومان لە دەروونی وەرگر بەهێز دەکات (غادة غازي عبدالمجيد و استبرق ابراهيم يعقوب:٢٠١٦:٤٧٠) .

+ جەختکردنەوە، بە واتا ئاساییەکەی هەموو ئەو دەربڕینانەیە، کە واتای زیاتری بەهێزکردن و پشتگیریکردن دەربارەی دەربڕینەکەی بەدەست دەهێنێت (عائيشة عبيزة:٢٠٠٩:٢٢) .

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین : شێوازی جەختکردن شێوازێکە بۆ دابینکردن و پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی دەربڕینە بۆ وەرگر، تا دەربڕینەکانی بە گومانەوە وەرنەگیرێن .

**١-٢. تایبەتییەکانی جەختکردن :**

شێوازی جەختکردن شێوازێکی ئەرێنی و پشتیوان و بەهێزکەری پەیوەندیکردنە، زۆرجار بۆ بەرزکردنەوەی متمانە و پاڵنەر و هاندانی بیرکردنەوەی بنیاتنەر بەکاردێت. لێرەدا چەند تایبەتمەندییەکی شێوازی جەختکردن دەخەینەڕوو :

**١-٢-١. زمانی ئەرێنی:**

ئەم شێوازە تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان کە جەخت لەسەر دەرئەنجامە ئەرێنییەکان و خاڵە بەهێزە کەسییەکان دەکەنەوە وەک :

نموونە (١)

- تۆ توانای زاڵبوونت بەسەر ئالەنگارییەکاندا هەیە .

لەبری ئەوەی بڵێیت : مەهێڵە ئالەنگارییەکان شکستت پێبهێنن .

**١-٢-٢. قسەکردن لە کاتی ئێستا :**

زۆرجار جەختکردن وا لە دەستەواژەکە دەکات، کە لە کاتی ئێستادا ئەنجامبدرێت نەک لە کاتی داهاتوو، ئەمەش بەهێزییەک دەداتە دەربڕینەکە وەک :

نموونە (٢) :

- من بەهێز و خۆڕاگرم . لە بری من بەهێز و خۆڕاگر دەبم .

**١-٢-٣. بەهێزکردن و هاندان :**

شێوازی جەختکردن ئامانجی بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی دەربڕینە ، یارمەتی خەڵک دەدات بەهای خۆیان بناسن و زیاتر ئەرێنی بن، بەمەش دەبێتە جەختکردنێکی ئەرێنی وەک :

نموونە (٣) :

- تۆ شایەنی سەرکەوتنیت.

یان :

- من لێهاتوویيم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم هەیە .

**١-٢-٤. تەرکیزکردن لەسەر باوەڕ بەخۆبوون و گەشەکردن :**

هانی تاک دەدات متمانە بە توانا و توانای پێشکەوتنی خۆی بکات. زۆرجار دووپاتکردنەوەکان دان بە پێشکەوتن و باشترکردنی خوددا دەهێنن وەک :

نموونە (٤) :

- هەموو ڕۆژێک، متمانەم بەخۆم زیاتر دەبێت.

**١-٢-٥. یەکدەنگی و دووبارەبوونەوە :**

بە شێوەیەکی گشتی دووپاتکردنەوە زۆرتر کاریگەرە کاتێک بە تێپەڕبوونی کات و بە بەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە ، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ئەرێنی وەک :

نموونە (٥) :

- ئاشتی ، ئاشتی ، ئاشتی ،
- ئازادی، ئازادی، ئازادی ،

شێوازی دووپاتکردنەوە بە شێوەیەکی باو لە یارمەتیدانی خود ، چارەسەرکردن و تەنانەت لە کاری تیمەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی متمانە و هاندانی تێڕوانینێکی بنیاتنەر بۆ ئالەنگاری و ئامانجەکان .

**١-٣. جۆرەکانی جەختکردن :** ڕێزمانوسان جەختکردن دابەشی دوو جۆر دەکەن (ئاشکرا و شاراوە) ئاشکرا واتا وشەیی، کە بە دووبارەبوونەوەی وشە دەبێت. شاراوە واتا، کە بە دووبارەبوونەوەی واتا دەبێت . الزمخشری:د.ت:٢٢٢)

**١-٣-١. جەختکردنی وشەیی :**

پەیوەستە بە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە یان ڕستە، ئەمەش جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ واتاکە زیاد دەکات و بیرۆکەکە لە مێشکی وەرگردا جێگیر دەکات.

نموونە (٦) :

– هەرگیزا و هەرگیز من کاری وام نەکردووە .

– بەڵێ بەڵێ بۆ ئاشتی و ئاوەدانی .

**١-٣-٢. جەختکردن بە واتا :**

دووبارەبوونەوەی ئەو وشانەی کە هاوواتا یان هاوشێوەن لە واتادا بەڵام جیاوازن لە بێژەکردن. واتە ڕەنگە لە فۆرمێکی تردا بێت جگە لە وشەکە، کە بەهێزی بکات یان مانایەکی هەبێت، کە لەگەڵیدا بگونجێت (محمد طه محمد عبدالخالق العجیری : ٤٨٧:٢٠٢٣) ئەم جۆرەیە بە بەکارهێنانی هەندێ وشە ئەنجامدەدرێت وەک : (وەک، هەمان، هەموو، هەردووک ، یەکیان، تەنها ).

نموونە (٧) :

– هەمووتان وەرن.

– هەردووکتان کەوتوون لە تاقیکردنەوە .

**١-٢-٣. جەختکردن بە ئامراز:**

ئامرازەکانی وەک : هەر، با، دە، کە، دەسا، جا، دەبا. ئامرازی جەختکردنن لە زاری ناوچەی شوان ی کەرکوک بە گشتی و لە زمانی نوسینیشدا بەکاردێت (ڕەفیق شوانی : ٢٠:٢٠٠١) وەک :

نموونە (٨) :

– هەر تۆم دەوێت .

– دەسا وا نابێت .

**١-٢-٤. جەختکردن بە هێز خستنەسەر :**

ئەگەر هێزی سەرەکی بخرێتە سەر وشەیەک لە وشەکانی ڕستە بە مەبەستی دوپاتکردنەوەی ئەوا دەبێتە جەختکردن (محمد علی الخولی: ١٦٧:١٩٩١) وەک :

نموونە (٩) :

– پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد .

لەم ڕستەیەی سەرەوە هێز لەسەر هەریەک لە وشەکانی ( پشیلە، گۆشت، خواردن) دابنرێت، ئەوا ئەو دەبێتە جەختکراو و باس و خواسی رستەکە . قسەکەر هێزی سەرەکی بخاتە سەر وشەی (پشیلەکە)ئەوا مەبەستی ئەوەیە، کە تەنیا (پشیلەکە) و کەسێکی تر کارەکەی ئەنجامنەداوە.

دیسان لە ڕستەیەکی وەک :

نموونە (١٠) :

– رۆژا جاران زیرەک بوو.

ئەگەر هێزی سەرەکی بخرێتە سەر وشەی (جاران ) واتە لە رابردوودا زیرەک بووە و جەختکردن لەسەر کاتی ڕوودانی کارەکە کراوە، بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێت و ڕوودانی کاری رستەکان نەرێ دەکات، بەم شێوەیە :

نموونە (١١) :

–رۆژا جاران* زیرەک بوو.

واتای ئەوەدەدات ئێستا زیرەک نییە وەک جاران، چونکە بەراوردی شاراوە هەیە. (بیخاڵ عبدالله سعید:١٩٨٩:٨٥).

**١-٢-٥. جەختکردن بە ڕاناوی خۆیی :**

بەکارهێنانەکانی راناوی وەک : من ، ئێمە، خۆم، خۆت، ......هتد . جەختکردن لەسەر بەرپرسیارییەتی و موکڕبوون دەکات وەک :

نموونە (١٢) :

- من خۆم وتم تۆ بەکەڵکی ئەو کارە نایەیت .
- منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم دەترسم من بڕۆم، بشکێ سوپاتان (نالی)

**١-٢-٦. جەختکردن بە بە لوتکەکردن :**

واتای بابەتی کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی رستە و لوتکەکردنەوە هەیە بەگوێرەی مەبەست گرنگی هەریەکەیان بۆ بارێک یان کاتێک دەبێت (عبدالواحد مشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە: ١٢٣:٢٠١٤) یەک لەو بارانەش جەختکردنە، ڕێزکردنی کەرستەکان لەناویەک رستەدا کاریگەری نیشاندەدات، سەرەتا قسەکەر لە ژێر باری دەروونی زانیاری گشتی دەردەپەڕێنێ و دەیەوێت بیکات بە باس بۆ هەموو ئەو واتایانەی، کە بەدوایەوە دێت، هۆی دەرپەڕینی زانیارییەکەش پەیوەندی بەو نەخشەوە هەیە، کە لە مێشکی خۆی دا بۆ ناردنی نامەکە ئامادەی کردووە (فتاح:١٩٩٢:٤١) وەک :

نموونە (١٣) :

١- پەرتوکێکی باش بۆ لێزان هات.

٢- لێزان پەرتوکێکی باشی بۆ هات.

هەرچەندە هەردوو رستەکە یەک بیر دەردەبڕن، بەڵام لە هەست دا جیاوازن، چونکە (قسەکەر) ئەو ڕۆنانە ڕێزمانیەی هەڵبژاردووە و بۆ گەیاندنی مەبەست و وروژاندنی بەرامبەر بە باشتری دەزانێت. (یحیی احمد :١٩٨٩:٧٧).

**١-٢-٧- جەختکردن بە کات :**

تەنها لە کاتی رابردوودا دەتوانین جەخت لەسەر ڕوودانی کارەکە بکەین، چونکە دەبێتە نیشانەیەک بۆ جەختکردن، کارەکە رابردووە و ئەنجامدراوە، هەر بۆیەش دەبینین لە ڕێزمانی واتایدا تەنها دەشێ کاری ڕابردوو (بکەر) ی هەبێت، چونکە کارەکەی ئەنجامداوە (دزەیی:٢٠١٤:٩٩) وەک :

نموونە (١٤) :

- من نانەکەم خوارد .

ئەم رستەیە چونکە کارەکەی رابردووە بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەنجامدراوە .

**١-٢-٨. جەختکردن بە شێوازی ئینشائی :**

شێوازەکانی پرسیار یان فەرماندان و قەدەغەکردن، دەتوانرێت، وەک جۆرێک لە جەختکردنەوە بەکاربهێنرێت .

نموونە (١٥) :

- پێویستە بخوێنیت ، چیتر کەمتەرخەم مەبە . (ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پێویستی کردار)
- ئایا هیچ گومانێک لەم بابەتەدا هەیە؟ (جەختکردنەوەیە لەسەر ڕوونی بیرۆکەکە) .

**١-٢-٩. جەختکردن بە سوێند :**

بریتییە لە سوێندخواردنی کەسێک کە تیایدا جەخت لەسەر شتێک دەکات بە ئەرێ یان بە نەرێ، کە بە زۆری لە شێوەی هەواڵداندا دێتە بەرچاو و لە ڕێگای مۆرفیمی سوێندخواردن یان کاری سوێندخواردن وەیا هەردووکیان دەبێت وەک:

نموونە (١٦) :

سوێند دەخۆم لە بیرت نەکەم .

سوێند خواردن دوو شێوازی هەیە :

أ- سوێندخواردنی فەرمی:ئەم جۆرەیان لە شوێنێکی فەرمیدا ئەنجامەدرێت بە تایبەتی دادگاکان کە کەرەستەکەی بریتییە لەنامەی پیرۆزی ئاسمانی بەپێی بیروباوەری کەسەکە وەک:

نموونە (١٧) :

- بە قورئان واناڵێم.

ب- سوێندخواردنی گشتی: لە نێوان خەڵکی سادە بەکاردێت لە قسەی رۆژانە و بەمەبەستی جیاجیا کە زۆرجار سەرزارییە و بێ مەبەستە (فەرهادی:٢٠٠٧:٨٥).بە زۆری دوای تاوانبارکردن دێت ئەمیش سوێندی بۆ دەخوات کە بێ تاوانە وەک:

نموونە (١٨) :

- وەڵا ئاگادارنیم.

**١-٢-١٠. جەختکردن بە سەربار :**

لەبەرئەوەی کەرستە سەرباربییەکان لە رووی بەکارهێنانەوە دەکەونە بەر یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوە، پەیرەوکردنی ئەو یاسایانەش بە مەبەستە و ویستی ئاخێوەری زمانەکەی تێدەکەوێت ، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەربارەکاندا زیاتر بۆ لایەنی دڵنیاکردنەوە و جەختکردنەوە، وەک :

نموونە (١٩) :

- بە دڵنیاییەوە بەیانی دەچم بۆ ئاکرێ .

لەم بارەدا جەختکردنەوەکە دەکەوێتە سەرمەبەستی ئاخێوەرەکە بۆ چ مەبەستێک دەریدەبڕێت . (یونس، محەمەد: ٢٠٢٤:٤٨)

جێگۆڕکێ پەیوەندی بە گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە، جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لەسەر سەربارەکان لەلایەنی سینتاکسی بەئارەزووە، بەڵام جەختکردنە لەسەر کەرەستە لەلایەنی واتاییەوە بە سەربارەکان یەکێکن لەو کەرەستانەی کە دەتوانرێت شوێنیان بگۆڕدرێت لە ڕستەدا، واتە قسەکەر بۆی هەیە خۆی بڕیار لەسەر شوێنی سەربارەکان بدات، ئەمەش بەگوێرەی گرنگی ئەو زانیارییەی کەرەستە سەربارییەکە دەیگەیەنێت لای قسەکەر و گوێگر دەکات. (ئەحمەد:٢٠٠٦:٤٩) وەک :

نموونە (٢٠) :

أ- منداڵەکە یاری بە تۆپ دەکات.

ب- منداڵەکە بە تۆپ یاری دەکات.

ت- منداڵەکە یاری دەکات بە تۆپ.

سەربار وشەی (تۆپ)ە، واتە یاری بە تۆپ دەکات تەئکید دەکاتەوە بەشتی تر یاری ناکات.

سەربارەکان دەتوانن پێکهاتەی فرێز و ڕستەکان فرەوانبکەن، بەڵام لەلایەن سەرەی فرێزەکانەوە داوا نەکراون. تەنیا هەندێک زانیاری پێویست و نەزانراو دەبەخشن. تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی سەربار جەختکردنە لەبەرئەوەی کەرەستە سەربارییەکان لەڕووی بەکارهێنانیان دەکەونە بەر یاسا بەئارەزووەکان. بۆیە سەربارەکان یاخود تەواوکەرەکان ئەرکی جەختکردن دەبینن . وەک :

نموونە (٢١) :

-کەرویشکەکە بە بازدان رایکرد . (دزەیی: ٢٠١٤:١٠٧)

وشەی (بازدان) سەربارە، واتا تەئکید دەکاتەوە کە بەبازدان رایکرد.

**بەشی دووەم : واتا و ئامانجی جەختکردن لە زمانی کوردیدا :**

**٢-١. ئامانج لە جەختکردن :**

جەختکردن بەشێکی سەرەکییە لە دەربڕینی رۆژانە و کاریگەری دروستدەکات، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەم ئامانجانە بەکاردێت :

### ٢-١-١. لابردنی گومان :

جەختکردن گومان و لێلی لادەدات و جەخت لەسەر واتای مەبەست دەکاتەوە دوور لە گومان.

### ٢-١-٢. بەهێزکردنی واتا :

جەختکردن بیرۆکە و چەمکە جەختکراوەکان لە زەینی بەرامبەر زیاتر جێگیر دەکات.

### ٢-١-٣. کاریگەریکردنە سەر وەرگر :

دەتوانی بڵێی خەختکردنەوە وا دەکات پەیامەکە زیاتر کاریگەرتر و ڕازیکەر بێت.

### ٢-١-٤. خستنەڕووی متمانە :

جەختکردن گوزارشت لە لە باوەربەخۆبوونی قسەکەر دەکات لەوەی کە دەیڵێت، وا دەکات دەربڕینەکانی زیاتر متمانەبەخش بن .

### ٢-٢. بوارەکانی بەکارهێنانی جەختکردن :

جەختکردنەوە لە زۆر بواردا بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەری پەیوەندیکردن و بەهێزکردنی پەیامەکان بەهێزتر و کاریگەرتر بەکاردەهێنرێت. لێرەدا دیارترین بوارەکانی بەکارهێنانی شێوازی جەختکردنەوە دەخەینەڕوو:

### ٢-٢-١. گوتاری سیاسی :

جەختکردنەوە لە گوتاری سیاسیدا بۆ رازیکردنی ئامادەبووان بە هەندێک بیرۆکە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی متمانە بە سیاسەت و بڕیارە دراوەکانە و یارمەتی سەرکردە سیاسییەکان دەدات پەیامی بەهێز بگەیەنن و کاریگەری لەسەر بۆچوونی خەڵک دروست بکەن وەک :

نموونە (٢٢) :

– دادپەروەری بۆ هەموو هاوولاتیان بەدەست دەهێنین و لەم ئامانجە پاشەکشە ناکەین .

### ٢-٢-٢. پەروەردە و ڕاهێنان :

مامۆستایان و ڕاهێنەران شێوازی جەختکردنەوە بەکاردەهێنن بۆ پشتڕاستکردنەوەی چەمکە سەرەتاییەکان و جێگیرکردنیان لە مێشکی خوێندکاردا، هەروەها یارمەتی ڕوونکردنەوەی خاڵە گرنگەکان دەدات و دڵنیابن لە تێگەیشتن لە بیرۆکە سەرەکییەکانی فێرخواز وەک :

نموونە (٢٣) :

– بێ گومان ئەم یاسایە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکارییە .

### ٢-٢-٣. بانگەوازی ئایینی :

بانگخوازانی ئایینی پشت بە شێوازی جەختکردنەوە دەبەستن بۆ چەسپاندنی بەها ئایینییەکان و ڕوونکردنەوەی عەقیدە و بنەما ئەخلاقییەکان، هەروەها جەختکردنەوە هێزی پەیامە ئاینییەکان زیاد دەکات و کاریگەریی ڕۆحی لەسەر گوێگران بەرز دەکاتەوە وەک :

نموونە (٢٤) :

- خودا لێبووردە و میهرەبانە، بۆیە هەرگیز بێ ئومێد مەبە لە ڕەحمەتی خوا .

### ٢-٢-٤. ڕیکلام و بەبازاڕکردن :

جەختکردنەوە لە ڕیکلامدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران و رازیکردنیان بە هەندێک بەرهەم یان خزمەتگوزاری بەکاردێت ، لە جەختکردنەکەدا پشت بە لێدوانی بەهێز دەبەستێت، کە جەخت لەسەر کوالیتی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکە دەکاتەوە وەک :

نموونە (٢٥) :

– بە ڕەهایی، ئەمە باشترین مۆبایلی زیرەکی بازاڕە !

### ٢-٢-٥. دانوستاندن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان :

لە بازرگانیدا، جەختکردنەوە بەکاردەهێنرێت بۆ زیادکردنی متمانە لە نێوان لایەنە دانوستانکارەکان و بۆ پشتڕاستکردنەوەی بڕیار و هەڵوێستەکان بۆ ئەوەی ڕوونی پەیامەکان زیاد بکات، چونکە جەختکردن متمانە لە دانوستانەکانی بازرگانیدا بەرز دەکاتەوە وەک :

نموونە (٢٦) :

– ئێمە بە تەواوی پابەندین بە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ کڕیارەکانمان .

### ٢-٢-٦. ڕاگەیاندن و میدیا :

جەختکردنەوە لە میدیاکان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە شێوەیەکی بەهێز و قەناعەت پێکردن بەکاردێت . جەختکردن یارمەتیدەرە بۆ تیشک خستنە سەر گرنگی ڕووداوەکان و هەواڵەکان کاریگەرتر دەکات بۆ ئامادەبووان وەک:

نموونە (٢٧) :

– ئەم ڕاستیانە دڵنیان و لە دەرەوەی گومانن .

### ٢-٢-٧. دەسەڵاتی دادوەری و یاسا :

جەختکردنەوە لە گوتاری یاساییدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگە و ئیفادە و تیشک خستنە سەر بەهێزی ئارگیومێنتەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە یارمەتیدەرە بۆ قەناعەت پێکردنی دادگا لە ڕاستی بەڵگەکان و ڕەوایەتی ڕاستییەکان وەک :

نموونە (٢٨) :

– بە متمانەوە دووپاتی دەکەمەوە کە بریکارەکەم بێتاوانە لەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراوە .

### ٢-٢-٨. پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی :

مرۆڤەکان لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا جەختکردنەوە بەکاردەهێنن بۆ بەهێزکردنی کاریگەری قسەکانیان و تیشک خستنە سەر هەستەکانیان، هەروەها لە پەیوەندی خێزانی و هاوڕێیەتیدا بەکاردێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی یان پشتیوانیکردن وەک :

نموونە (٢٩) :

– هەمیشە لێرەم بۆ ئەوەی پشتگیریت بکەم، هەرگیز وازت لێناهێنم .

### ٢-٢-٩. پاڵنەر و گەشەپێدانی خوود :

جەختکردنەوە لە قسەی پاڵنەردا بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوون و هاندانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ڕاهێنەر و پاڵنەرەکان یارمەتی ڕواندنی بیری ئەرێنی دەدەن، چونکە جەخت لەسەر توانای سەرکەوتن دەکەنەوە .

نموونە (٣٠) :

– بێ گومان توانای بەدیهێنانی خەونەکانت هەیە !

### ٢-٢-١٠. ئەدەب و شیعر :

نووسەران و شاعیران پشت بە شێوازی جەختکردنەوە دەبەستن بۆ بەرزکردنەوەی جوانیناسیی دەقەکان و چڕکردنەوەی واتاکانیان ئەمەش بۆ کاریگەری سۆزداری و زیاتر دەربڕینی وشەکان وەک:

نموونە (٣١) :

– ژیان گەشتێکی دوور و درێژە، هەموو ڕۆژێک سەرگەرمییەکی نوێیە. .

بەکورتی شێوازی جەختکردنەوە ئامرازێکی بەهێزە کە لە بوارە جیاجیاکاندا پشتی پێ دەبەسترێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە ڕوونی و متمانە بەخۆبوون و بەرزکردنەوەی کاریگەریی گوتار و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی پەیوەندیکردن .

### ٢-٣. واتای شێوازی جەختکردن :

واتای شێوازی جەختکردن ئاماژەیە بۆ ئەو مانایە قووڵەی کە جەختکردنەوە لە زماندا هەڵیدەگرێت، هەروەها چۆن بەشداری دەکات لە ڕوونکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ئەو پەیامەی کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت، بە سەرنجدان لەسەر لایەنێکی دیاریکراو و ڕوونتر و دڵنیاترکردنی بۆ گوێگر یان خوێنەر. شێوازی جەختکردنەوە چەندین ڕەهەندی مانایداری هەیە کە بەپێی کۆنتێکستەکە دەگۆڕێت و لە نێو ئەم ڕەهەندانەدا ئەمانەن:

### ٢-٣-١. جەخت لەسەر زانیاری یان بیرۆکەکە دەکاتەوە:

واتای سەرەکی جەختکردنەوە بریتییە لە جێگیرکردنی زانیاری یان بیرۆکە لە مێشکی وەرگردا بۆ لابردنی هەر گومانێک کە لەوانەیە هەبێت وەک :

نموونە (٣٢) :

- ڕستەی "دڵنیابە، من لەوێ دەبم"

بە ڕوونی و بێ دوو دڵی پابەندبوونی قسەکەر نیشان دەدات.

### ٢-٣-٢. تیشک خستنە سەر گرنگی و پێشینە :

شێوازی جەختکردنەوە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەوەی، کە ئەو زانیارییە یان بیرۆکەیەی کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە وەک :

نموونە (٣٣) :

- ڕاستگۆیی بناغەی هەموو پەیوەندییەکە .

### ٢-٣-٣. بەهێزکردنی واتا و زیادکردنی کاریگەری :

جەختکردنەوە واتا بەهێز دەکات و کاریگەری زیاتری لەسەر گوێگر دروست دەکات هەروەها ڕەنگدانەوەی حەماسەت یان قەناعەتی قسەکەرە.

نموونە ( ٣٤) :

- من دەستبەرداری ئەم ئامانجە نابم، گرنگ نییە بارودۆخەکە چییە .

### ٢-٣-٤. لابردنی گومان و ناڕوونی :

پشتڕاستکردنەوە بەکاردێت بۆ ڕەواندنەوەی هەر گومانێک کە وەرگر هەبێت سەبارەت بە زانیارییەکی دیاریکراو وەک:

نموونە (٣٥) :

- دڵنیام پرۆژەکە سەرکەوتوو دەبێت .

### ٢-٣-٥. تیشک خستنە سەر ڕاستگۆیی و متمانەپێکراوی :

بەکارهێنانی جەختکردنەوە ڕەنگدانەوەی دڵسۆزی قسەکەرە و متمانەی بەرزتر بە قسەکانی دەبەخشێت، ئەمەش وا دەکات وەرگر متمانەی بە قسەکانی هەبێت وەک :

نموونە (٣٦) :

- دڵنیاتان دەکەمەوە کە هەموو شتێکم کردووە کە لە تواناmدا بووە .

### ٢-٣-٦. دەربڕینی پابەندبوون و ویست :

جەختکردنەوە ئاماژەیە بە پابەندبوونی تەواو و ویستی بەهێز، چونکە ویستی قسەکەر نیشان دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیڵێت :

نموونە (٣٧) :

- من پابەندم بە بەدەستهێنانی سەرکەوتن .

### ٢-٣-٧. جەختکردنەوە لەسەر هەندێک هەست

دەتوانرێت لە جەختکردن بۆ دەربڕینی هەستی دڵسۆز و بەهێز بەکاربهێنرێت، وەک خۆشەویستی، پشتگیری، یان توڕەیی وەک :

نموونە (٣٨) :

- لە دڵسۆزیەوە خۆشم دەوێی.

لێرەدا جەختکردنەوە لەسەر دڵسۆزی گرنگی و قووڵایی خۆشەویستی زیاتر دەکات .

**٢-٣-٨. ئاماژەکردن بۆ زانینی تەواو و متمانە بەخۆبوون :**

جەختکردنەوە گوزارشت لە زانیاری تەواوی قسەکەر دەکات لە.سەر بابەتەکە و متمانەی بەرزی بە خودی خۆی و تواناکانی دەخاتەڕوو وەک :

نموونە (٣٩) :

- من بە تەواوی دەزانم چی بکەم .

**٢-٣-٩. تیشک خستنە سەر جیاوازی :**

هەندێکجار جەختکردنەوە بۆ جیاکردنەوەی شتێک و تیشک خستنە سەری لە شتەکانی تر بەکاردێت وەک :

نموونە (٤٠) :

- بێ گومان ئەمە باشترین بژاردەیە . .

**٢-٣-١٠. بەرزکردنەوەی ئینتیما و دڵسۆزی :**

لە هەندێک دەوروبەردا جەختکردن بۆ نیشاندانی دڵسۆزی و ئینتیما بەکاردێت، جا چ بۆ کەسێک، یان شوێنێک، یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو وەک :

نموونە (٤١) :

- هەمیشە لێرە دەبم بۆ پشتگیریکردنت .

لێرەدا جەختکردنەکە تیشک دەخاتە سەر ئینتیما و دڵسۆزی بۆ کەسەکە .

واتای شێوازی جەختکردنەوە لە وشەکان تێدەپەڕێت، بەو پێیەی گوزارشت لە قووڵایی دەروونی و سۆزداری پەیامەکە دەکات، و قسەکردنەکە ڕوونتر و بەهێزتر و رازیکەرتر دەکات. لە ڕێگەی جەختکردنەوە، قسەکەر دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە پەیامەکە بە هەموو واتا مەبەستەکانیەوە دەگەیەنرێت، وا دەکات کاریگەر بێت و کاریگەری قووڵی لەسەر مێشکی وەرگر هەبێت .

جەختکردنەوە جگە لە واتا سیمانتیکییەکەی واتایەکی پراگماتیکیشی هەیە و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی لە جەختکردن بگات و هەست بە کاریگەرییەکان بکات و مەبەستی قسەکەری لا روونبێت ، هەر بۆیەش لەم سۆنگەیەوە جەختکردن دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کارلێککردنی تاکەکان و گەیشتن بە ئامانج و ڕێزگرتن لەهەمان کاتیشدا کاریگەری رازیکردن زیاتردەکات .

**ئەنجام :**

١- شێوازی جەختکردنەوە شێوازێکی ئەرێنی و پشتیوانیکردنە و بەهێزکەری پەیوەندیکردنە، زۆرجار بۆ بەرزکردنەوەی متمانەیە .

٢-شێوازەکانی جەختکردن لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەیەک بەکاردێت وەک : دووبارەکردنەوەی وشە، دووبارەکردنەوە بە هاوواتایی، جەختکردنەوە بە ئامراز، جەختکردنەوە بە هێزخستنەسەر، جەختکردنەوە بە راناوی خۆیی، جەختکردن بە بەلوتکەکردن، جەختکردنەوە بە کاتی رابردوو، جەختکردنەوە بە شێوازی دانانی، جەختکردنەوە بە سوێند .

٣-بەکارهێنانێکی بەربڵاوی هەیە بۆ جەختکردنەوە و روونکردنەوەی واتا و نەهێشتنی گومان و بەهێزکردنی دەربڕین .

٤-واتای جەختکردن لە هەردوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکدا دەبینرێت، چونکە جەختکردن دوو جۆرە : ئاشکراکەی جەختکردنی وشەییە دەچێتە خانەی سیمانتیک و جەختکردنی شاراوەش دەچێتە خانەی پراگماتیک.

**سەرچاوەکان:**

**- أ. بەکوردی :**

- سعید، بێخاڵ عبدالله (1989) واتاسازی وشە و ڕستە. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ هەولێر: نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە).
- شوانی، ڕەفیق شوانی (٢٠٠١) چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر .
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا (٢٠٠٧) شێوازی دوعاکردن لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر: ژمارە (32)
- دزەیی، عبدالوحد مشیر (٢٠١٤ أ) ڕێزمان و واتا. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ________________ (٢٠١٤ ب) واتاسازی وشە و ڕستە. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- فتاح، محمد معروف (1992) باس لە جۆرێک لە ڕستە. گ. ڕۆشنبیری نوێ. بەغداد: ژمارە ژمارە(١٢٨).
- ئەحمەد، مزگین عبدالرحمن (٢٠٠٦) دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا/ کرمانجی سەروو. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ هەولێر: نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە).
- یونس، ئیسماعیل یونس و محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٢٤) سەربار لە زمانی کوردید. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر: ژمارە ٥٩.

**- ب. بە عەرەبی :**

- بير جيرو (١٩٥٧) الأسلوب والأسلوبية. ترجمة: منذر عياشي, بيروت: مركز الأنماء القومي.
- الرفاعی، طالب داود (١٩٧٥) اسلوب التوكيد فی القرأن الكريم. جامعة القاهرة- القاهرة: رسالة الماجستير غيرمنشورة.
- الزمخشری، أبي القاسم محمود بن عمر (٢٠٠٤) المفصل في علم العربية. عمان: دار عمار.
- احمد، يحيى (١٩٨٩) الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة. مجلة عالم الفكر, كويت: مجلد (٢٠) عدد (٣), ٧٣٧-٦٦٦.
- صلاح فضل (1985) علم الاسلوب مبادئه واجراءاته. دار الآفاق الجديدة, بيروت.
- محمد طه محمد عبدالخالق العجيری (2023) مجلة كلية اللغة العربية بالمنوفية، العدد الثامن و الثلاثون اصدار يونيو 2023 م .
- الخولی، محمد علی (١٩٩١) معجم علم اللغة النظری (انكليزی- عربی) بيروت: لبنان .
- عبدالمجيد، غادة غازی و يعقوب، استبرق ابراهيم (٢٠١٦) اسلوب التوكيد فی ديوان الكتاب لأدونيس- دراسة لغوية. مجلة ديالی/ ديالی: العدد الحادی و السبعون. ٤٧٠-٤٨٠ .
- عبيزة، عائيشة (٢٠٠٩) دراسة وظيفية لأسلوب فی القران الكريم. جامعة الحاج لخضر بباتنة. الجزائر: لنيل شهادة دكتوراه العلوم في اللغة العربية.

**التأكيد، المعنى والغرض باللغة الكوردية**

**حسن نجم الدين محمدأمين**
قسم اللغة العربية ،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان،العراق
hassan.n.muhammed@su.edu.krd

**پەیمان عبدالكريم سعيد**
وزاره التربية
payman.saeed11@gmail.com

الملخص
يشير التوكيد (Affirmation) إلى تأكيد الحقيقة، وغالبًا ما يستخدم لتقديم دليل أو تأكيد على صدق شيء ما ويزيد من الثقة، وهو أحد أساليب اللغة ويستخدم على نطاق واسع للتأكيد على المعنى وشرحه. الهدف من هذا البحث هو فهم طرق التوكيد في اللغة الكردية والتي لم تتم دراستها بعد. يشرح هذا البحث العديد من المواضيع منها: ما هو التوكيد وكيف يتم ذلك باللغة الكردية؟ كما تم وصف طرقها وأنواعها، بالإضافة إلى أغراض استخدامها، قد توصلنا فيما بعد إلى أن معنى التوكيد يمكن رؤيته على المستويين الدلالي التداولى، لأن هناك نوعين من التوكيد: التوكيد اللفظي الصريح ينتمي إلى المستوى الدلالية، والتأكيد الخفي ينتمي إلى الفئة التداولية.

**الكلمات الرئيسية :**الكيفية، التأكيد، الوسيلة، التوكيد، الإيجاب.

**The Style of Emphasis, Meaning and Purpose in the Kurdish Language**

**Hassan Najmaden Muhammedamen**
Department of Arabic Language, College of Languages, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hassan.n.muhammed@su.edu.krd

**Paeman Abdulkarem Said**
Ministry of Education
payman.saeed11@gmail.com

**Abstract**

Affirmation refers to the confirmation of a fact, and is often used to provide evidence or confirmation of the truth of something and increase confidence, and is one of the language methods and is widely used to emphasize and explain the meaning. The aim of this research is to understand the methods of affirmation in the Kurdish language that have not been studied yet. This research explains many topics, including: What is affirmation and how is it done in the Kurdish language? Its methods and types were also described, in addition to the purposes of its use. We later concluded that the meaning of affirmation can be seen on the semantic and pragmatic levels, because there are two types of affirmation: explicit verbal affirmation belongs to the semantic level, and implicit affirmation belongs to the pragmatic category.

**Key words**: Style, Emphasis, Instrument, Repetition, Accurate